**د. حەمید عەزیز**

# فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی

**زستانی**

**٢٠٠٧**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)

سلێمانی ـ گەرەکی ئەندازیاران ـ ١٠٥

کۆلانی ـ ٣٢

ژ.خانوو ـ ١٠

www.hoshyari.org

govarynovin@yahoo.com

* **ناوی کتێب:** فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی

* **ناوی نووسەر:** د. حەمید عەزیز

* **نەخشەسازی و بەرگ:** فەهمی جەلال

* **تایپ:** هەرێم جەزا

* **تیراژ:** ٢٥٠٠ دانە

* چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠٧

* **ژمارەی سپاردن:** (٩٦٢) ی ساڵی ٢٠٠٧

* **ژمارەی زنجیرە:** (٢٤٩)

* **چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی**

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك). ساڵی ٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# فەلسەفەی
# سۆسیال دیموکرات



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سۆسیال دیموکرات، چ وەك بزوتنەوەیەکی سیاسیو ئابووریو کۆمەلاّیەتیو چ فەلسەفەش، ئایدۆلۆجی ئەو حزبو ڕێکخراوو بزوتنەوە نەتەوە پەروەرانەیە کە لەمەیدانی هەلّبژاردنو سیاسەتی دوور لەتوندوتیژیدا کاریان کردووەو هەولّیان داوە لەپەرلەمانی ولاّتەکەیاندا هێزو تواناو دەورێکیان هەبێ، بەڕێگای دەستوور بگەنە ئەو ئەنجامو ئامانجانەی کە لەپەیڕەوو پڕۆگرامە ناوخۆییەکاندا ڕەنگیان ڕشتوون.

ڕاستە ئەم حزبو بزوتنەوانە پەنایان بردۆتە بەر تێکۆشانی سیاسیو دیموکراتیانەو پشتیان کردۆتە توندوتیژی، بەلاّم هیچ کاتێك دوور نەبوون لەوەی کە بەوپەڕی تواناو بەپێی بارودۆخی ولاّتو کۆمەلّو میللەتەکەیان سود لەفەلسەفەی مارکسیو مارکسیزم وەربگرن. بۆیە سەیر نەبووە کە کاوتسکی وتوویەتی گوایە سەرلەنوێ فەلسەفەو بیری مارکس لەچوارچێوەیەکی نوێدا دادەڕێژێتەوەو حزبێك دادەمەزرێنێ کە سود لەفەلسەفەی مارکس وەربگرێو بگرە حزبەکە خۆی حزبێکی مارکسی بێت.

ئەم ڕێبازە وەك (ناو) لەدوو وشە پێك هاتووە کە ئەمانەن: سۆسیالو دیموکرات: وشەی سۆسیال کە بەمانای کۆمەلاّیەتی (اجتماعی) هاتووە لەعەرەبیدا بەهەلّە بە (اشتراکی)وەرگێڕاوە. بۆ یەکەم جار لەئیتالیا لەنووسیندا سالّی ١٨٠٣ بەکارهێنراوەو لەبەریتانیا سالّی ١٨٢٧ لەلایەن گۆڤاری هاوکاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

(COOPERATIVE MAGAZINE) کە سەربەتاقمو کۆڕی روبەرت ئۆین بووە، وشەی سۆسیالیست بەکارهاتووەو دوا ڕوخسارو شێوەی ئەم وشەیەش کە سۆسیالیزم بووە لە گۆڤاری فەرەنسایی (لەگلۆب) ـــ LE GLOBE ـ سالّی ١٨٣٢ بەکارهێنراوە، ئەم گۆڤارە سەر بەتاقمی سان سیمۆن بووەو ئەمیش سۆسیالیزمی کردووە بەزانستو ڕێبازی خۆی. هەردوو وشەکەش بەیەکەوە ئەم مانایەیان هەیە: چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتی کۆمەلاّیەتی بەڕێگای دیموکراتیو دوور لەتوندوتیژیو بزوتنەوەی چەکدارانە، ئێستاش ئەم ڕێبازی سۆسیال دیموکراتە بەوە لەسۆسیالیزمی زانستی مارکسی جیا دەکرێتەوە کە سۆسیالیزمو دیموکراتی توندوتۆڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوەو پەنا ناباتە بەر شۆڕشو توندوتیژی چەکدارانەو داوای تێکۆشانی جەماوەریو پەرلەمانیو سیاسی دەکات. شۆڕشی پیشەسازی بەریتانیاو شۆڕشی سیاسی فەرەنسا کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر ڕێبازی سۆسیال دیموکرات، سەبارەت بەشۆڕشی فەرەنسا دەتوانین ئەنجامو کارکردنەکەی بەم جۆرە دەست نیشان بکەین:

### شۆڕشی فەرەنسا:

سالّی ١٧٨٩ ڕووداوێکی هەرە گرنگی سیاسیو کۆمەلاّیەتیو مرۆڤایەتی بووە، کە لەئەوروپا ڕوویداوەو نەخشەی سیاسیو ئابووریو



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کۆمەلاّیەتی سەرانسەری ئەورووپای گۆڕیوەو قۆناغێکی نوێی مێژووی مرۆڤایەتی دەستی پێ کردووە، ئەویش قۆناغی سەرهەلّدانو دەرکەوتنو پەرەسەندی چینی بۆرژوازیو لاوازبوونی چینی دەرەبەگایەتیو دەسەلاّتی کەهەنوتی کلیسا (سلطة الكنيسة الكهنوتية)و دەرکەوتنی چینی کرێکار وەك چینێکی کاریگەر. دوای ئەوەی ئەم شۆڕشە بەکۆڕپەیی زیندەبەچالّکراو نەیتوانی بەتەواوەتی بگاتە ئەو ئامانجانەی کە لەپێناویاندا بەرپا بووبوو کە دروشمی (ئازادیو برایەتیو یەکسانی) بوو (هۆیەکانیشی باس کراون) دوژمنانی شۆڕشو کۆمۆنی پاریس جارێکی تر هاتنەوە سەر حوکمو کاروباری ژیانو کۆمەلّو دەولّەتیان گرتە دەست، لەئەنجامی ئەم بۆ دواوە گەڕانەوە کۆنە پەرستییەدا کۆمەلّ دوچاری چەندین گیروگرفتو تەنگو چەلّەمەی ناهەمواری ئابووریو سیاسیو کۆمەلاّیەتی بوو، کۆمەلّ دابەش بوو بەدوو توێژی زۆر لەیەکتری جیاوازو دابڕاو کە بەیەکەوە هەلّکردنیان بەشێوەیەکی ئاساییو دوور لەتوندوتیژی ستەمو ناهەموار بوو لەلایەکی ترەوە جوتیاران کە سەدانو بەهەزارانو کۆمەلّ بەکۆمەلّ زەویو زارو گوندو لادێکانیان بەجێ هێشتبوو هاتبوونە ناو شارە گەورەکانو (بەتایبەتی، پاریسی پایتەخت) بۆ کارو کاسبیو مسۆگەرکردنی ژیانی ڕۆژانە لەکارگەو فابریقەو مانیفەکتۆرەکاندا، بەکولەمەرگیو (نەمرەو بژیە) بەپارەو ڕۆژانەو کرێیەکی کەم ئیشیان دەکرد، کەچی چینی خاوەن دەسەلاّتو فابریقەو کارگەکانیش، دەستیان

بەسەر هەموو سەرچاوەكانی داهاتی ژیانو گوزەرانو بەرهەمهێناندا دەڕۆیشتو لەنازو نیعمەتدا دەژیان، چینی دەرەبەگی لێدراو نە ئەوەبوو بمرێ نە ئەوەبوو بتوانێ خۆیو سیستەمو ئایدۆلۆژییەكەی بسەپێنێ، بۆرژوازی تازە پێگەیشتوو بەتەواوەتی هەموو شتێكی بۆ نەدەچووە سەرو لەزۆر لاوە نەیدەتوانی دەست لەهەندێ توێژو بۆچوونو فەلسەفەی دەرەبەگ هەڵبگرێو دەستوورو قانونو سیستەمو دیسپلینو ئاسوودەییو ئاسایش، دەسەڵاتی جارانیان نەمابوو. یاساكانی ئاكار (أخلاق)و دەزگاكانی ئایین كە جاران لەسنورو قەوارەی ڕۆچوونی تایبەتیدا كاریان لەخەڵك دەكردو چوارچێوەی كردارو ڕەفتاریان دەست نیشان ئەكرد تا ڕادەیەكی زۆر ئەو هەیبەتەیان لەدەست دابوو، بۆیە شیرازەی كۆمەڵ بەرەو پچڕان دەچوو. فەلسەفەی سەدەكانی ناوەڕاستو ئایینو ئایدۆلۆجی دەرەبەگایەتیش نەیاندەتوانی هیچی تر وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە كە ڕووداوەكانی ژیانی نوێ دەیانهێنانە سەر خوانی باسو خواستی ڕۆژانە.

جا لێرەوە ئەو بارودۆخە نالەبارەی فەرەنساو ئینجا سەرانسەری ئەورووپای ئەوسا وای لەسیاسیو كۆمەڵناسو ئابووری زانو فەیلەسوفەكان كرد بەبیرو بۆچوونی خۆیانو بەپێی سوودوەرگرتن لەلایەنی باشیو خراپی شۆڕشەكەی فەرەنساو سەركەوتنو تێكشكانیەوە بارودۆخی كۆمەڵو وڵاتەكەیان كە هاتبونە كایەوە، ڕەنگی چەند پرۆژەیەكی جیاجیای سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتی



بڕێژنو بەمەبەستی چارەسەركردنی كێشەو گیروگرفتەكانی كۆمەڵەكەیانو ئەو پرۆژانەی كە ناوی ڕیفۆرمی كۆمەڵایەتی واتە (اصلاح اجتماعی)یان لێ نرا لەوشەی Social كەوتنەوەو ئەو ڕێگایەش كە ئەیانگرتەبەر، ڕێگای دوور لەتوندوتیژیو زۆرانبازیو ململانێی چەكدارانە بوو، واتە ڕێگای دیموكراتییانە بوو. ئیتر لێرەوە زاراوەی دیموكراتی كۆمەڵایەتی SOCIAL DEMOCRATIC بەمانای چارەسەركردنی گیروگرفتە كۆمەڵایەتیەكان، بەكۆمەڵ، بەڕێگای دیموكراتیانە، هاتە كایەوە.

## ب. شۆڕشی پیشەسازی:

هۆیەكیتری هەژاندنی شیرازەی كۆمەڵو نەخشەی سیاسیو ئابوریو كۆمەڵایەتی بەریتانیاو سەرانسەری ئەورووپای سەدەی هەژدەهەم بووە، كە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێوە كەوتۆتەوە:

١. ئەو ئامێرو هۆیانەی بەرهەمهێنان كە جاران بەمەچەكو دەستو بازوو هەڵئەسوڕێنران گەورەو فراوانتر بووبوون بەمەكینەو ئامێری زەبەلاحو لەیەكەم جاردا بەئاو ئینجا بەهەواو لەدواییدا بەهەڵم ئیشیان پێ كرا.

٢. پتر بوونی بەرهەمو گەورەبوونی بازاڕو بازرگانیو كۆبوونەوەو گردبوونەوەی سەرمایەی چینی كاربەدەستو پەیدابوونی بانكو بەشداریكردنی بانكەكان لەدابینكردنی پارەو دەستمایە بۆ

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

پیشەسازیو فابریقەو کارگەکانو زیادبوونی ژمارەی بۆرجوازییەکانو فراوانبوونی دەسەڵاتو نفوزی چینی سەرمایەدارو پیشەسازیو دەرکەوتنی وردە وردەی کرێکارە پیشەسازییەکان. بەم پێیە کۆمەڵگاکانی ئەوروپا لەسەدەی هەژدەهەمدا لەچەند کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیەوە بەرەبەرە پێیان نایە قۆناغێکی ترەوە، قۆناغی کۆمەڵگای پیشەسازی (صناعی)و بەرهەمی زۆرو زەبەند، کارگەی گەورەو زەبەلاحو لەلایەکی ترەوە دیاردەی دەوڵەمەندیو هەژاریو دەست ڕۆیشتوییو بێ دەسەڵاتیو دوو چینی خاوەن فابریقەو کرێکارانی پیشەسازی، هاتنە سەر شانۆی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ.

ئەم بارودۆخە تازەیە، سەرەڕای شۆڕشی فەرەنسا، بوونەتە هەوێنی چەند تیۆرییەکی ئابووری کە بەئابووری کلاسیك ناودەبرێنو پوختەکەیان ئەمەیە:

ژیانی ئابووری کۆمەڵو گوزەرانی خەڵکو دەرامەتیان وەك جیهانی سروشتو ماددە ملکەچی چەند قانونێکی گشتی سەرتاپاگیرن، ئەو قانونانە حوکمیان بەسەردا دەکەنو هیچ کاتێك ناتوانن لەسنورو دەسەڵاتو چوارچێوەی حوکمی ئەم قانونانەدا لابدەنو سەرپێچی بکەن. یاخود بەشێوەیەکی سادەتر: ژیانو گوزەرانو سیستمی ئابووری کۆمەڵ جا هەر کۆمەڵێك بێتو لەهەر کاتو شوێنو قۆناغێکدا بێت، بەپێی چەند یاساو قانونێك کار دەکەنو پەرە دەستێننو بەرەو پێش دەچنو ئەو ژیانە ئابووریەش وەك دەزگایەك هیچ کاتێك ناتوانێ تۆزقاڵێك لەم



قانونانە لابدات، یاخود بەپێچەوانەیانەوە بێت. جا لێرەوە پرسیارێك هاتە پێشەوە، ئەگەر بێتو بتوانرێ ئەم قانونانە بزانین، ئایا ئەتوانرێ روخسارو ناوەڕۆکی سیستمی ئابووری کۆمەڵ لەپاشەڕۆژدا دەستنیشانو دیاری بکرێ؟

دەربارەی ئەم بیروڕایانەی تیۆری کلاسیکی ئابووری چەند هەڵوێستەیەکی جیاواز هاتنە کایەوە هەر لەقبوڵ کردنو پەرەپێدانو چاك بژارکردنو گونجاندنو سوود لێ وەرگرتنیەوە، هەتاوەکو قبوڵ نەکردنیو ڕەتکردنەوەی.

ئەبێ ئەوەشمان لەیادنەچێ کە بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات شان بەشانی مارکسو ڕێبازەکەی لەم دوو شۆڕشەو ئەنجامەکانیانو لەبیروڕاکانی ئابووری کلاسیکی سودێکی زۆریان وەرگرتووە. لەئەڵمانیادا کە مەڵبەندی ڕاستەقینەی پەیدابوونو گەشەکردنو مەیدانی خەباتو تێکۆشانی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات بووە، هەردوو ڕێبازی فەلسەفەی مەتریالیزمو ئایدیالیزم لەبەر یەکتریدا بوون، ڕاستە زانکۆو پەیمانگا بەرزەکان مەڵبەندی ئەو پێشبڕکێو ململانێیەی ئەم دوو ڕێبازەی فەلسەفە بوون، بەڵام هیچ کاتێك نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئەم دوو ڕێبازەو ئەو زۆرانبازیو بەیەك هەڵپژانەی هەردوو ڕێبازی فەلسەفەکە تیشکدانەوەی دوو بزوتنەوەی گرنگی کۆمەڵو دامو دەزگاکانی بوون کە لەسیاسەتدا بەژێرخان Basis ناودەبرێت.

کانت KANT فەیلەسوفی بەناوبانگی سەدەی ڕووناکبیری (کە بەئەڵمانی Aufkl?rung ی پێ ئەوترێ) لەچەند بەرهەمێکیدا لە توانای ئەقڵو قانونەکانی ئاکار (أخلاق)و ئایینو هونەری شی کردۆتەوەو گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك کە خۆی بەشۆڕشێکی وەك شۆڕشەکەی کوپەرنیکۆسی ئەستێرە شوناس داناوە. ئەم ڕایانەی کانت Kant بێ گومان کارێکی دیارو بەرچاویان کردۆتە سەر ئەو ڕێبازەی کە ئێستا بە سۆسیال دیموکرات ناو دەبرێ. بەتایبەتی لەوەدا کە (کانت) ئاکار بەشتێکی پێویست دائەنێ لەژیانداو ئاینیش ناتوانرێ دەستبەرداری بینو دەڵێ: هەستو سۆزو دەرونی مرۆڤو بگرە عەقڵیشی ناتوانن دەستبەرداری ئایین بنو ئایین جۆرە دڵنیاییەکی ناخیو ناوەکی بەمرۆڤ دەبەخشێ. لەلایەکی ترەوە لەو باوەڕەدابووە کە نەزانین هۆی سەرەکی کلۆڵی مرۆڤەو پێشکەوتنی شارستانیەتیو زانینو زانست دەستەبەری ڕزگاریو بەختەوەری مرۆڤ دەبن. بەلای کانتەوە جەنگو توندوتیژی هیچ کاتێك ڕێگای ڕەواو ڕاستی گەیشتنە ئامانجو مەبەست نییەو عەقڵ بەجەنگ ڕازی نابێت، بگرە عەقڵی ئادەمیزاد هیچ کاتێکو بۆ هیچ مەبەستێك جەنگ پەسەند ناکاتو هەر عەقڵیشە ئاشتیو هێمنیو ئاسایش پەسەند دەکاتو ئەم ئەرکەش دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت.

هەروەها بیروڕاکانی (کانت) دەربارەی مرۆڤو دەورو مەڵبەندی مرۆڤ لەجیهانی سروشتیدا دەوری خۆیان گێڕاو ڕێگایان بۆ فیختە ـ



FICHTE ـ خۆش کرد، کە دوای کانت هەوڵی داوە بەفەلسەفەو بیروباوەڕە سیاسیەکانی کۆمەڵی ئەڵمان لەسەر شێوەیەکی نیمچە سۆسیالیستیانە ڕێك بخاتو نەتەوەی ئەڵمانی هانداوە، کە ئەو ئەرکە مێژووییەی جێبەجێ بکات کە ژیان خستویەتیە سەرشانی فیختە، کە سودی لەفەلسەفەی (کانت)و شۆڕشی فەرەنسا وەرگرتووەو ئاگاداری بیروڕا سیاسیەکانی جان جاك ڕۆسۆ بووە، جاڕی بۆ (سۆسیالیستی دەوڵەت) لێ داوەو لەو باوەڕەدا بووە کە نەتەوە شتێکی پیرۆزو بەرزەو دەوڵەتیش قەوارەو هەیکەلی نموونەیی نەتەوەیە بۆیە دەبێ ڕێز لەدەوڵەت بنرێ، چونکە ڕێزلێنانی قەوارەی دەوڵەت وەك دەزگایەك ڕێزگرتنی خواستو ویست (ئیرادە)ی نەتەوەیە: ئاگاداران لەو باوەڕەدان کە فیختە پێش مارکس جاڕی بۆ سۆسیالیزم داوە لەئەڵمانیادا. ڕاستە فەلسەفەکەی ئایدیالیزمە، بەڵام نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ کە ئەگەر فەرەنساییەکان پۆزتیڤیست (واتە وضعي POSITIVIST) بوونو بایەخیان بەلایەنی پراکتیکی کۆمەڵایەتیو سیاسی دابێو کارو پیشەیان خولیای لێکۆڵینەوەو نوسینو بیروڕا بووبێ، ئەوا ئەڵمان بێ چەندو چون ئایدیالیستنو فەلسەفەو ئایدۆلۆجیو ئاکارو ئایینو بیری نەتەوە هەمیشە کەرەسەی بیرو مێشکو خامەیان بووە، خۆ ئەگەر ڕێبازێکی مەتریالی سەری هەڵدابێ ئەوا ئەو ڕێبازە هەمیشە نوێنەری کەمایەتیەکی کەم بووە لەکۆمەڵی فەیلەسوفو زاناو داناو نوسەراندا. بەلای ڕابەرە سیاسیو فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیاوە تاکە کەسان (فرد)و

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

عەقڵی ئادەمیزاد توانای ئەوەیان هەیە کە ژیانگەو کۆمەڵ کۆنترۆڵ بکەن‌و بۆ سودو قازانجی کۆمەڵ بەکاریان بهێنن. بەرەو پێشچوونی نەپساوە سونەتەو یاسای ژیان‌و زانست‌و بیری زانستیانە زامن‌و دەستەبەری ئەم بەرەو پێش چوونەن. بەلای ئەڵمانەوە دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان ئەکرێ بێ لایەن بکرێن‌و کەموکوڕیەکانیان چاك بکرێن‌و ناگونجێ‌و ناکرێ ئەم دەزگایانە جا چی هی کۆمەڵ بن یان دەوڵەت، ناکرێ تێکبشکێنرێن، بەڵکو دەبێ چاك بکرێن. واتە بەلای فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیاوە چاککردنی دەزگاکانی کۆمەڵ با ئەم چاککردنە هەندەکی (جزئی) بێت مەنتقی ترە لەوەی ئەم دەزگایانە تێك بدرێن‌و لەڕەگ‌و ڕیشەوە هەڵبکەنرێن.

دەوڵەت‌و نەتەوەش نموونەی سەربەرزی‌و شکۆی کۆمەڵن‌و دەبێ ڕێزیان لێ بنرێ. دەوڵەت بەلای فیختەوە یەکەیەکی ڕاستەقینەیەو دەزگایەکە ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەرشانە ئەویش ئەوەیە کە کەسایەتی تاکە کەسان بنوێنێ‌و پەرەی پێ بدات. هیگڵ بەپێچەوانەی کانت‌و فیختەوە هیچ دەورێکی ئەوتۆی بۆ تاکە کەسان INDIVIDUAL دانەناوەو بوونی دەوڵەت بەبوونی عەقڵ‌و مەنتیقەوە دەبەستێتەوەو بگرە بەشتێکی دادەنێ کە ناچاریی‌و پێویستەو لەسەرو دوو لایەنی خویەکی‌و بابەتیەوە. هیگڵ بیری دیالیکتیکی هێنایە کایەوە، بەلای هیگڵەوە بەرەو پێشچوون‌و پەرەسەندن هەیەو پێویستە، بەڵام ئەم پەرەسەندن‌و بەرەو پێشچوونە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هی بیرو ئەقڵ‌و گیانە! هۆشی هەمەکی‌و عەقڵ‌و گیان پەرە ئەستێنن‌و لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ئەچن‌و لەقۆناغێکی تری سێیەمدا شتێکی تری لەهەردوو قۆناغەکەی پێشوو پێك هاتوو دێتە کایەوە. مێژووش لەلای هیگڵ مێژووی پەرەسەندنی هۆش‌و گیان‌و ئەقڵەو خۆ ئەگەر مێژوو بەرەو پێش بچێ ئەوا بەو مەبەستەیە کە ئەو ئەنجامە بداتە دەست، کە ئامانجی مەسیحییەکان بووە، ئەویش پێکهێنانی (دەوڵەتی خوا ـ ملکوت الرب)یە لەسەر زەوی. ئەو دەوڵەتە پیرۆزەی کە تیایدا داد سەر مەشقەو عەقڵ حوکم ئەکات‌و شت بەڕێوە دەبات.

## گرنگترین ڕایەکانی هیگڵ لەم بوارەدا ئەمانەن:

١. ئەوەی عەقڵ بیبڕێ‌و دەرکی پێ بەرێت ڕاست‌و دروستەو ئەوی ڕاست‌و دروستیش بێت ئەوا ئەقڵ دەیگرێ.

WAS VERNUNFTIG IST, IST REALISTISCH

WAS REALISTISCH IST, IST VERNUNFTIG

هەر شتێك کە لەم جیهانەدا هەیە، جا بەشێوەی ڕووداو بێ، یاخود بەشێك بێت لەبەشەکانی ئەم گەردوونە، ئەکرێ بەئەقڵ هۆی بوونەکەی ڕوون بکرێتەوەو پاکانەی هەبوونی بۆ بکرێت. هەموو شتێك هۆیەکی کاریگەرو هۆیەکی ئامانجەکی هەیە. هیچ شتێك لەم

جیهانەدا لەخۆیەوەو بەبێ هۆ ڕوونادات‌و نایەتە کایەوەو پەیدا نابێت. کەوابوو بەپێی ئەم قسەیەی هیگڵ (دەوڵەت) وەك نموونەیەك، هۆیەکی کاریگەرو هۆیەکی ئامانجەکی هەیە، واتە لەخۆیەوە دروست نەبووەو ئامانجی تایبەتیشی هەیەو ئەقڵیش پەسەندی دەکات. (کەواش بوو هەر بەپێی قسەی هیگڵ) هەوڵدان بۆ لێدانی دەوڵەت. کۆششێکە عەقڵ قبوڵی ناکات‌و بەپێچەوانەی مەنتیقەوەیە.

٢. ئەو بزوتنەوەیەی لەمێژوودا ڕوودەدات‌و دەبێتە مایەی گۆڕان‌و سەرهەڵدان‌و پەیدابوونی شتی ترو قۆناغی نوێتر بزوتنەوەیەکی بێ سەروپاو ئاژاوەو سەرلێشێوان نییە. بەڵکو هۆی ئەم بەرەو پێشچوونەی مێژوو ئەوەیە کە شتێك پەیدا ئەبێ‌و شتێك دێتە کایەوە. بگرە پەرەسەندن‌و بەرەو پێشچوونی تێکڕای دام‌و دەزگاکان‌و گەردونیش خۆی مەبەستی تایبەتیان هەیە کە ئەویش پەیدابوونی ئەو شتەیە کە ئەبێ پەیدا ببێ. واتە هیگڵ بڕوای بەجۆرە (حەتمیەتی) فەلسەفەیی هەیە، ئەو شتانەی ڕوو دەدەن‌و دێنە کایەوە هەردەبوو ڕووبدەن‌و پەیدا ببن‌و چەند قانوونێك هەیە ئەم هەبوون‌و ڕوودان‌و پەیدابوونەیان فەرز ئەکات. کەوابوو قانوونەکانی ئاکار (أخلاق) ئایین‌و نەتەوەو کۆمەڵ‌و دەوڵەت بەپێی پەرەسەندنی مێژوو بەگوێرەی چەند یاسایەکی حەتمییانە پەیدابوون‌و نەئەبوو بەو شێوەیە نەبن کە ئێستا هەن. دوای مردنی هیگڵ لەکۆڕو کۆمەڵەو زانستگاکانی ئەڵمانیادا جاڕی هەرەس هێنانی فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیا



ZUSAMMENBRUCH DES DEUTSCHEN IDEALISMUS) درا کە لەم هەرەسهێنانەدا برۆنو باوەر، موسا هیس، کارل گرون‌و لودفیك فویەرباخ دەورێکی سەرەکیان هەبووە.

مارکس‌و سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمان پشت ئەستور بەو کەلەپورو سامانە نەتەوەییە فەلسەفەیی‌و ئابووری‌و سیاسی‌و ئایدۆلۆجی‌و پشت ئەستور بەو سودەی لەتاقیکردنەوەی کۆمۆنی پاریس‌و شۆڕشی فەرەنسا‌و شۆڕشی پیشەسازی بەریتانیاو سەرتاپای ئەوروپاوە وەرگیراوە، هەردووك لایان (واتە مارکس‌و سۆسیال دیموکراتەکان) دەورێکی کاریگەریان لەژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ئەڵمانیادا گێڕاوەو هەردوولا جاروبار بەیەکەوەو هەندێ جاریش بەجیاجیا هەڵوێستی کردەکی‌و تیۆری خۆیان، بەکردەوەو بەنوسین‌و تێکۆشانی سیاسی تۆمار کردووەو پڕۆژەی تایبەتی خۆیان دەربارەی سەردەم‌و پاشەڕۆژی وڵاتەکەیان داوەتە دەست.

بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمان، مۆرك‌و سروشتێکی تایبەتی خۆی هەبووە، ڕاستەوخۆ لەبارودۆخی تایبەتی وڵات‌و نەتەوەو کۆمەڵی ئەڵمانەوە سەری هەڵداوە، ئەم بزوتنەوەیە هەر لەسەرەتاوە مۆرك‌و ئامانجی تیایاندا پەیدابووە لەتێکەڵاوبوونی هەردوو ڕێبازی سۆسیالیزمی زانستی (واتە سۆسیالیزمی مارکسی)و بیروڕای سۆسیالیستە ئەڵمانەکان (لاسال‌و برنیشتاین‌و کاوتسکی) دروست بووە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ڕابەرە سۆسیالیستە ئەڵمانەکان بەپێچەوانەی مارکسەوە، هیچ کاتێك گومانیان لەوە نەبووە کە دەوڵەتو هەبوونی دامو دەزگاکانی دەوڵەت شتێکی پێویستنو ئەبێ پشت بەدەوڵەت ببەسترێ بۆ جێبەجێکردنی سیستمی سۆسیالیستی لەکۆمەڵدا. سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمان بەچاوی ڕێزەوە سەرنجی نەتەوەیان داوەو لەو باوەڕەدابوون کە ئەو ڕایەی دەڵێ بزاڤی نەتەوە بیرێکی کاتییەو قۆناغێکی تایبەتی پەرەسەندن دروستی کردووەو نەتەوەش چەمکێکی میتافیزیکییەو کۆمەڵ لەچەند چینێکی دژ بەیەکتری پێك هاتووە، ئەم ڕایە بەلای سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانەوە نادروستەو ئەبێتە مایەی پچڕاندنی شیرازەکانی نەتەوەو کۆمەڵ، کۆمەڵ نموونەو ڕەمزی سەربەرزییەو دەبێ لەوە بەرزتر بێ کە لەچەند چینێکی دژ بەیەکتری پێك بێتو ژیانو گوزەرانو سەربەرزیی وڵاتو نەتەوە لەوەدایە کە هەموو چینو توێژەکانی بەرێگای دیموکراتیو پێشبڕکێی ئاشتیانەو شان بەشانی یەکتری بۆ ئەمڕۆو دوا ڕۆژی باشتر تێبکۆشنو خەبات بکەن. سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمان لەهەردوو کۆنفرانسی (گۆتا ساڵی ١٨٧٥)و (ئیرفۆرت ساڵی ١٨٩١) ڕەنگی پڕۆژەیەکی سەرتاپاگیری ژیانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەلسەفیو ئایدۆلۆجی ئەڵمانیای سەردەمو پاشەڕۆژی خۆیانیان ڕشتوە. لەم بزوتنەوەیەی سۆسیال دیموکراتدا فلهێلم لیبکنیختو ئۆگیست بیبل



بەناوی ڕێکخراوو بزوتنەوەکەوە دەمڕاست بوونو ئێدوارد برنیشتاینو کارل کاوتسکی دوو تیۆریستی سەرەکی بزوتنەوەکە بوون[1].

## (فردیناند لاسال lassalle ١٨٢٥ ـ ١٨٦٤)

ڕابەرێکە لەڕابەرە چوستو چالاکەکانی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان.

بیروڕاکانی ڕابەرانی شۆڕشی فەرەنساو ئەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازیو مارکس کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر ژیانو بیرو کردارەکانی. لاسال لەسەرەتای دەستپێکردنی چالاکی سیاسی خۆیدا لەڕێکخستنی ڕیزی بزوتنەوەی کرێکارانی ئەڵمانو حزبی کرێکارانی ئەڵماندا دەورێکی کاریگەری گێڕاوەو هەر لاسال بووە کە (بەرنامەی کرێکاران)ی داناوە، ئەم بەرنامەیەش لەگەڵ مانیفێستەکەی مارکسو ئینگلزدا دەخرێتە ناو دوو تای تەرازووەوە. ئەم بەرنامەیەش بووە بەپڕۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆو ئیلهامبەخشی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان.

---

[1] فردريك انجلز: نقد برنامج ايرفورت

نقد مشروع البرنامج الاشتراكي الديموقراطي لسنة ١٨٩١،

لێکۆڵینەوە نامەیەکە فردريك ئینگلز بۆ کاوتسکی ناردووە (٢٩ی حوزەیرانی ١٨٩١) تیایدا ئینگلز بۆچوونی مارکسیستەکانی دەربارەی ئەم پڕۆگرامو پەیڕەوە دەربڕیووە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەرچەندە لاسال لەچەند بۆنەیەکدا وتویەتی کە خۆی مارکسییەو سەر بەرێبازی مارکسە، بەڵام ئەوی ڕاست بێ لاسال لەزۆر بیروبۆچوونیدا لەگەڵ مارکس یەکی نەگرتۆتەوە. بەپێچەوانەی مارکسەوە، لاسال وای داناوە کە دەوڵەت شێوازێکی چینایەتی پێوە دیار نییەو ئامرازێکی چەوساندنەوەی چینایەتی نییە، بەڵکو دەوڵەت دەزگاو ئامرازێکی تایبەتییەو جێگیر کردنو چەسپاندنی قانونو داد پەروەریی پێ سپێردراوە. بەڵام لەلای مارکس دەوڵەت دەزگایەکە سودو قازانجی چینێکی تایبەتی دەپارێزێ.

لاسال داوای کردووە کە پشتگیری دەوڵەت بکرێتو دەوڵەتیش بێ لایەن بێو پارێزەری بەرژەوەندیو سودو قازانجی چینەکانی کۆمەڵ بێتو ئەرکی سەرشانی خۆی، کە گەشە پێدانو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵو زانستو ژیانە، بەتەواوەتی ڕاپەڕێنێ.

بەشداربوونی کرێکاران لەبەڕێوەبردنی دامو دەزگاو کاروبارەکانی دەوڵەتو هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ پەرلەمان بەلای لاسالەوە داوایەکی ڕەواو گرنگەو ئەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵ. لاسال هەوڵی داوە مافی دەنگدانو هەڵبژاردن بەتەواوەتی بۆ کرێکاران دابین بکرێنو ڕێکخراوی بەکۆمەڵو هەرەوەزیش بۆ ئیشو کارو بەرهەمهێنان دابمەزرێنو دەوڵەتیش لەم بوارەدا بودجەو پارەی تایبەتی بۆ ئەم ڕێکخراوو کۆمەڵە بەرهەمهێنەرانە دابین بکات.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لاسال لەو باوەڕەدا بووە کە خەباتی چینایەتی ئەگەر شێوەی توندوتیژی هەبێ ناگاتە ئەو ئەنجامەی کە کرێکاران هەوڵی بۆ دەدەن.

## ئیدوارد برنیشتاین (١٨٥٠ ـ ١٩٣٢ز)

هەر لەسەرەتای ژیانی سیاسییەوە داوای کردوە کە ڕێبازی مارکس بەجۆرێك بژار بکرێ لەگەڵ ئەو ڕووداوو بارودۆخە ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیانەدا بگونجێ کە بەسەر ئەڵمانیادا هاتبوون. ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم کە برنیشتاین تیایدا ژیاوە سەردەمی پتربوونی سامانو بەرهەم بووە. شێوەکانی بەرهەم هێنان گۆڕاونو چینی ناوەڕاست دەست ڕۆیشتووتر بووە، کارگەو فابریقەی زەبەلاحو کۆمپانیای مەزنو بازرگانیو بازاڕی دەرەوەو هەندەران هاتوونەتە کایەوە. ئەمانە هەموویان دەورو ڕۆڵی دەوڵەتیان پترو گرنگتر کردووە.

لەئەنجامی هەردوو کۆنگرەی گۆتاو ئێرفۆرت سودی وەرگرتووە.

لەساڵی ١٨٩١دا کە بسمارك ئەو قانونانەی پەکخست کە دژی (سۆسیالیستیو سۆسیالیزم) بوون، حزبی سۆسیال دیموکرات لەئەڵمانیا لەڕایخشتاخدا سەرکەوتنی بەدەست هێناو نوێنەرانی چوونە پەرلەمانەوە، بۆیە لەو ڕۆژەوە ئەم بزوتنەوەیە هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەکرێ ڕایخشتاخ (ئەنجومەنی نیشتمانی ـ پەرلەمان) بکرێ بەئامرازێك بۆ گۆڕینی شێوەو ناوەڕۆکی کۆمەڵ لەسەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیستی، بۆیە توندوتیژیو شۆڕشی چەکدار وەك ڕێگای تێکۆشان

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

قبولّ ناکرێن، چونکە ئەنجامەکانیان خزمەتی سودو قازانجی کۆنە پارێزان دەکات.

لێرەوە سۆسیال دیموکرات لەجیاتی شۆڕشو زۆرانو خەباتی چینایەتی، داوای هاوکاریو کۆمەکی کۆمەلاّیەتی کردووە، وەك باشترین شێوازو ڕێگای تێکۆشان لەنێو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلّدا.

هەر لەسەردەمی برنیشتایندا واتە لەسالّی ١٨٩١ کۆنفرانسی ئێرفۆرت بەستراو لەبلاّوکراوەکەیدا کە دوای کۆنفرانسەکە دەرچوو بەهیچ جۆرێك باسی ئەوە نەکراوە کە دەولّەت سروشتێکی چینایەتی هەیەو داوا نەکراوە کە دەولّەتو دەزگاکانی بەزەبری هێزو توندوتیژی تێك بشکێنرێن، بەلّکو ئەم بەرنامەیە کە بەرنامەی حزبی سۆسیال دیموکرات بووە داوای کردووە کە هەموو هاوولاّتیەك مافی دەنگدانو هەلّبژاردنی نوێنەرانی هەبێ بەهۆی هەلّبژاردنو دەنگدانێکی نهێنییەوە، نوێنەرایەتیکردنو لیستەی هەلّبژاردنو پالاّوتنەکانیش بەشێوەی ڕێژەیی (نسیبی) بن. هەروەها ئەم پرۆگرامە لەو پرسیارەی کۆلّیوەتەوە کە:

ـ ئایا ئەگونجێ لەنێو پەرلەماندا حزبی سۆسیال دیموکرات لەگەلّ حزبو ڕێکخراوەکانی تردا جۆرە ڕێککەوتنو بەرەیەك پێکبێنێو دەربارەی دۆخی هەلّبژاردن شتیان لەگەلّ مۆر بکات؟



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ـ ئایا حزبی سۆسیال دیموکرات بەردەوام درێژە بەو ڕێبازەی خۆی بدات کە نوێنەری چینی کرێکارو پیشەسازییەکانە (صناعیین) یاخود هەولّ بدات جوتیارانیش بەلای خۆیدا ڕابکێشێ؟

ئەگەر دەسەلاّتی سەرمایەداری لابرا دەبێ شێوەی کۆمەلّو دەزگاکانی چۆن بن؟ خۆ ئەگەر جلّەوی کاروباری ئابووری کەوتە دەست کۆمەلّ ئەبێ چۆن جارێکی تر دەزگاکانی ئابووری ڕێکخرێن؟

ـ ئایا شتی کۆنینە بپارێزرێن یاخود پەرەیان پێبدرێ بەمەرجێك ئەم پاراستنو پەرەپێدانو گۆڕینانە کارنەکەنە سەر ئامانجە سەرەکییەکە کە سۆسیالیستییە؟

بەلای برنیشتاینەوە ئەم پرۆگرامە پەسەند بووەو لەوەلاّمی پرسیارێکدا ئایا چۆنو بەچ ڕێگایەك دەتوانین کۆمەلّی سۆسیالیستی دابمەزرێنین؟

برنیشتاین دوو ڕێگای لەبەردەمدا بووە:

١. بەڕێگای شۆڕش.

٢. بەڕێگای ئیسلاحو وردە وردە (تدریج)و پلە بەپلە.

بەلای برنیشتاینەوە شۆڕش ڕێگایەکی ناڕەوایەو ئەوی تریان باشترەو لەوباوەڕەشدا بووە کە ڕێبازی مارکس تەنیا چوارچێوەیەکی گشتیو شێوازو ئامرازێکی کارکردنی سیاسییەو ئەبێ بەپێی زروفو دۆخی هەر ناوچەو ولاّتو قۆناغێك چاو بەهەندێ لایەنی بیروڕاکانی مارکسدا بخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی بگونجێو بەسەرکەوتوانە سودی لێ وەربگیرێ.

هەروەها وتویەتی مارکسیزم تەنیا بیرێکی تیۆرییە (نظریة)یەو واقعی ژیانی ڕۆژانەی قۆناغی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتاکانی ئەم سەدەیە بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەورووپادا هاتووەو لەئەنجامیاندا دیموکراتی پایەدارتر بووەو دەستکەوتی کرێکاران پتر بوونو سەرمایەدارانیش ئەو سەرمایەدارانەی سەردەمی مارکس نەماون، بۆیە دەکرێ بەبێ پەنا بردنە بەر شۆڕشو توندوتیژی درێژە بەخەبات بدرێ. هەر ئەم ئەنجامەش بوو وای لەبرنیشتاین کردووە کە بڵێ: سۆسیالیزم پرۆسەو کارێکی گۆڕانی نەپساوەو بەردەوامەو ناتوانێ لەماوەیەکی کەمدا وەك موعجزە هەموو کێشەیەك چارەسەر بکات. سۆسیالیزم چەند ڕیفۆرمێکی نەپساوەو یەك لەدوای یەکن. ئەم ریفۆرمانەش (اصلاحات) لەڕێگای پەرلەمانو دەستورەوە دەبنو ئەگەر هاتوو لایەنگرانی سۆسیال دیموکرات (نوێنەرەکانیان) زۆربەی دەنگەکانیان بەدەست هێناو چوونە پەرلەمانەوە، ئەوا ئەو کاتە بەو دەنگانەی هێناویانە بڕوای کۆمەڵیان پێ بەخشراوەو لەپەرلەماندا بەناوی کۆمەڵو گەلەوە هەوڵی چاککردنی سیستمی کۆمەڵایەتیو ڕژێمی فەرماندار دەدەنو دەوڵەتیش لەم ریفۆرمە دیموکراتیانەدا دەوری یارمەتیدەری ئەبێت.

٢. دەوڵەت دەزگایەکی تێکۆشانی چینایەتی نییە، دەکرێ بێ لایەن بکرێو سودی لێ وەربگیرێو ئێمەش لەو باوەڕەداین کە سەرمایەداری وەك دەرەبەگایەتی نییە، سیستمی دەرەبەگایەتی سیستمێکی لەگۆڕان



نەهاتووی زەبرو زەنگی دواکەوتووە، بەڵام سەرمایەداریو ڕێکخراوەکانی ڕزگاری خوازو بەرەو پێشچوو کراوەو پەرەسەندوونو دەکرێ چاکتر بکرێن.

٣. پێویستە حزبێکی سۆسیالیستی جەماوەریی دابمەزرێتو لەگەڵ نەقابەکاندا هاوکاری بکاتو خەباتی جەماوەر ڕێك بخاتو بەرەو ئاواتو ئامانجەکانی بەرێت.

٤. ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر کۆمەڵدا دێن ئەنجامی زۆرانی چینایەتیو شۆڕشو خەباتی چەکدارانە نین، بەڵکو شت دەگۆڕێ، چونکە زروفو بارودۆخی ژێرخانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێنو ئەو گۆڕانانەش کە لەم بارودۆخانەدا ڕوودەدەن وا لەتێکڕای خەڵك دەکەن، بەچینو توێژە جۆر بەجۆرەکانییەوە. کارێکی وا بکەن سیستمی کۆمەڵایەتیو ڕژێمەکەیان لەگەڵ پێداویستییە نوێیەکانی ژیانیان بگونجێ. چین هیچ کاتێك تاکە هۆی گۆڕان نییە، بەڵکو هێزو توانای لەبن نەهاتووی مرۆڤە دەتوانێ هەمیشە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان ماڵی بکەنو ڕایهێنێو لەگەڵ پێویستییەکانی مرۆڤ بگونجێنو ئەم هێزەش هۆی سەرەکی گۆڕانە.

کرێکاریش نیشتمانی هەیەو پرۆلیتاریاش سەر بەنەتەوەی خۆیەتی. کرێکاری ئەڵمان ئەڵمانییە پێش ئەوەی شتێکی تر بێت، چونکە ئەو کرێکارە بیەوێو نەیەوێ ناتوانێ بەرامبەر چارەنوسی سیاسی وڵاتو نەتەوەکەی کەمتەرخەمو بێ دەنگ بێ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

٥. خۆماڵی کردنی (تأمیم) گشت دامو دەزگاکانی بەرهەمهێنانو ئابووری لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵی ئەڵمانیادا ناگونجێ.

چونکە زۆر مەیدانو بواری تایبەتی پیشەسازیو ئابووری هەیە کە کادیرو پسپۆڕی کرێکار ناتوانێت بەڕێوەیان بەرێتو وەك پێویست ڕایان پەڕێنێ، بۆیە وەك برنیشتاین ئەڵێ: ئەبێ ئەم خۆماڵیکردنە هەندەکی (جزئی) بێت واتە لەهەندێ لایەندا بکرێتو هەندێ لایەنی تر بۆ بۆرجوازیو سەرمایەدارەکان بهێڵرێتەوەو خۆیان سەرپەرشتیان بکەنو بەڕێوەیان بەرن. هەر بۆیەش نابێ (بەیەکجارەکی) کۆشكو تەلاری ڕژێمی فەرمانداری سەرمایەداری تێك بشکێنرێ، بەڵکو ئەبێ ئەو لایەنانەی پێویستیان بەگۆڕین هەیە چاك بکرێنو لایەنەکانی تر پەرەیان پێ بدرێ، یاخود بەپێی پێویست شتیان لەگەڵدا بکرێت.

٦. دیموکراتی خۆی بریتییە لەیەکسانیو داد بۆ هەمووانو دیموکراتییە کە سنورێك بۆ مافو دەسەڵاتی زۆربە دائەنێ بەرامبەر بەکەمایەتی. لابردنی دەسەڵاتی چینێكو سپاردنی ئەم دەسەڵاتە بەچینێکی تر هیچ کاتێك جەوهەری مەسەلەکە ناگۆڕێ، بەڵکو جەوهەری مەسەلەکە ئەوەیە کە مەسەلەی چینایەتی پشت گوێ بخرێو هاوکاری کۆمەڵایەتی لەشوێنیدا دابنرێو هەموو لایەك بەیەکەوە هاوکاریو کۆمەکی یەکتری بکەن.

٧. پێویستە سیاسەتی کارکردنی (فرە حزبایەتی) پەیڕەو بکرێو هەموو توێژو کۆڕو کۆمەڵو ئەندامانی کۆمەڵ مافی (ئازادیو



مەکتەبی بیروهۆشیاری

برایەتیو یەکسانی)و مافی بیروڕا دەربڕینو کارکردنو ژیانیان بۆ دابین بکرێت.

٨. برنیشتاین لەو باوەڕەدا بووە کە کۆمەڵی نوێ لەهەموو بارێکەوە لەکۆمەڵگاکانی پێشووتر دەوڵەمەندترو بەپیتو پێزترەو زانستو هونەرو ئایدۆلۆجیو ئاکارو زنجیرەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو دەزگاکانی کۆمەڵ کەمتر لەجاران پابەندی هۆکارو کردەی ئابورینو پەیوەندی نێوان پەرەسەندنی تەکنەلۆجیاو ئابووری لەلایەكو نێوان پەرەسەندنی پرۆسەو ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکانی تر لاوازترە لەجارانو ئەتوانین بڵێین لایەنی یەکەم (ئابووری) ئەو دەورە ڕاستەوخۆیەی لەدەستداوە بتوانێ قەوارەو ڕوخساری لایەنی دووەم (کۆمەڵایەتی) دیاری بکات. هەر بۆیە هەرەسهێنانی سەرمایەداری ناگونجێو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەوری خۆی لەدەستداوەو لەگەڵ گیانی دیموکراتی ئەم سەردەمەدا ناگونجێ.

سۆسیال دیموکرات نابێ لەبەر خاتری وێنەی پاشەڕۆژێکی نەهاتوو قوربانی بەئێستا بدات.

٩. لەکارو تێکۆشانی سیاسیدا ڕێگا (وسیلە)و ئامانج هەیە، ئێمە ئامانجەکانمان دیارو ئاشکران جا بۆیە بەلای ئێمەوە وەسیلە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئامانجو مەبەستەکانمانەو هەر لەبەر ئەمەشە بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات دەتوانێ پەنا بەرێتە بەر ڕێگای جۆراوجۆر بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستانەی کە هەوڵیان بۆ دەداتو

لەپێناویاندا تێدەکۆشێ. ئەو شۆڕشەش کە ئەمانەوێ بەرپای بکەین دەتوانرێ بەرێگای دیموکراتیو ئاشتییانەو لەرێگای دەستورو پەرلەمانو بەیارمەتی دەزگاکانی دەوڵەت لەکۆمەڵدا سەقامگیر بکرێت. جەنگو توندوتیژی هەمیشە ئەو رێگایە بوون کە چینە زەبرو زەنگ بەدەستو کۆنە پەرستەکان گرتویانەتە بەر. سەرمایەداری لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا وردە وردە بەهەنگاو هەنگاوو بەبێ توندوتیژیو دیکتاتۆری دەسەڵاتی سیاسی وەدەست هێناوەو جڵەوی دەوڵەتی گرتۆتە دەست. هەر بەهەمان رێگا دوور لەتوندوتیژی دەتوانرێ سەرمایەداریش گۆڕانی تیادا بکرێو لەگەڵ گۆڕانە یەك لەدوای یەکەکانی کۆمەڵدا بگونجێ.

## کاوتسکی ١٨٥٤ ـ ١٩٣٨

کارل کاوتسکی ڕابەرێکە لەڕابەرە چوستو چالاكو بەناوبانگەکانی دنیا، لەبزوتنەوەی سۆسیالیزمدا بەگشتیو لەبزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیاو سەرانسەری ئەوروپا بەتایبەتی.

دەورێکی باڵای هەبووە لەبەیەکەوە بەستنەوەی هەردوو بزوتنەوەی مارکسیزمو سۆسیال دیموکرات. خۆی لەژیانیدا وای بڵاوکردۆتەوە کە لایەنگیری ڕێبازو فەلسەفەی ڕاستەقینەی مارکسە. لەساڵی ١٨٨٣ کە ڕۆژنامەی (نویەتسایت)ی ئۆرگانی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا دامەزرا، کاوتسکی کراوە بەسەرنوسەرو لەوکاتەشدا پڕۆژەو



بەرنامەیەکی سیاسیو ئابووری سەرتاپاگیری گەڵاڵە کردووە، کە تیایدا ڕەوتی گشتی حزبی سۆسیال دیموکراتی ڕوونکردۆتەوەو دواجار ئەم پڕۆژەیە ساڵی ١٨٩١ کە پەسەند کراوە، بەپڕۆژەی ئێرفۆرت ناسراوە. سیاسەتو پڕۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی سیاسی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانە.

کاوتسکی لەم بەرنامەی کارەدا باسی خەباتی چینایەتی ناو کۆمەڵو سیستمی سەرمایەداریو کۆمەڵی سەرمایەداری دەکاتو سەرمایەداری شیدەکاتەوەو باسی چۆنیەتی گەیاندنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەدەستی کۆمەڵ دەکاتو بایەخ بەدوو خاڵی سەرەکی دەدات:

- دیموکراتی.
- ریفۆرم (اصلاح)

ئەوەی لەم پڕۆگرامەی ئێرفۆرتی کاوتسکیدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، کە کاوتسکی باسی ئەوە ناکات کە دەوڵەت سروشتێکی چینایەتی هەیەو ناڵێ کە ئایا دەوڵەت وەك مارکس دەڵێ ئامرازێکی خزمەتکردنی سودو قازانجی چینی دەسەڵاتدارەو چینەکانی تری پێ سەرکوت ئەکرێت یان نا؟

کاوتسکی وەك هەموو ڕابەرەکانی تری بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات بەجۆرێکی تر سەرنجی دامو دەزگاکانی دەوڵەت دەداتو لەو باوەڕەدا بووە کە دەوڵەت دەزگاو ئامرازێکی بێ لایەنەو دەکرێ بەجۆرێك

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

بەکاربهێنرێ کە ببێتە مایەی جێگیرکردنی ئاسایشو یاسا. هەروەها دەکرێ پەنا ببرێتە بەر دەوڵەت بۆ پیادەکردنی پرۆسەی سۆسیالیزمو دیموکراتی لەکۆمەڵدا، لەکاتێکدا کاوتسکی دەوڵەت بەشتێکی سروشتیو بێ لایەن دائەنێو باوەڕی وابووە کە دەوڵەت هەر ئەمێنێو چونکە ژیانو سروشتی ژیانو کۆمەڵ دەوڵەتیان هێناوەتە کایەوەو سەربەرزیی نەتەوەش لەبوونی ئەو دەزگاو ئامێرەدا دەبینرێ کە دەوڵەتی پێ دەوترێ. کەچی لینینو پێش ئەمیش مارکس دەوڵەتیان بەدەزگایەك داناوە کە لەقۆناغێکی تایبەتیدا دروست کراوە بۆ پیادەکردنو وەدیهێنانی چەند ئەنجامێکی تایبەتی:

ـــ سەرکوتکردنو بەربەرەکانیی چینی چەوساوەو پتەوکردنی دەسەڵاتو حوکمڕانی خۆیان.

ـ پاراستنی سودو قازانجی ئابووریو سیاسی خۆیان... هتد

ـ هیچ کاتێك دەوڵەت بێ لایەن نەبووەو بێ لایەن ناکرێت.

خۆ ئەگەر پرۆلیتاریا ئەنگلس وتەنی (پێویستی بەدەوڵەت هەبێ ئەوا ئەو پێویستییە بۆ ئەوەیە کە دوژمنانی خۆی پێ سەرکوت بکاتو هیچ کاتێك دەوڵەت وەك ئامێر ناکرێ بۆ پیادەکردنی سەربەستیو دیموکراتی ڕاستەقینە بەکاربهێنرێو کاتێکیش کە شیاو بکرێ باسی ئازادی بکرێ ئەوا پێویستی بەدەوڵەت نامێنێ وەك دەوڵەت[2].

---

[2] بڕوانە ئەنگلس، نامەیەك بۆ بیبل لە ١٨ ـ ٢٨ی مارتی ساڵی ١٨٧٥. ئەم نامەیە بەعەرەبی لەجلدی چواری ( مارکس ـ انجلس مختارات في اربعة اجزاء) بڵاوکراوەتەوە.



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

کەوابوو بەلای مارکسیزم ـ لینینزمەوە دەوڵەت دامو دەزگایەکی قۆناغی کاتییەو لەخەباتو لەشۆڕشدا کاتێك بەکارئەهێنرێ کە بویسترێ بەزەبرو زەنگو هێز دوژمن سەرکوت بکرێتو دەوڵەتیش هەرگیزاو هەرگیز خاسیەتی میللیو گەلی ئازادیو دیموکراتی نابێ.

ئەم بیروڕایە بەلای کاوتسکییەوە ڕەواو شیاو نەبووە، بۆیە ئەو لەنوسینێکدا کە ساڵی ١٩١٨ بەناوی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) بڵاوی کردۆتەوە جۆرە دورکەتنەوەیەك لەلینین دوورکەوتۆتەوەو بەوە تاوانباری کردووە، کە بووە بەلایەنگری بۆرجوازیەتو چۆتە ڕیزی بۆرجوازی بچوکەوە. بەلای کاوتسکییەوە خەباتی چەکدارانە نەبێو پەنا نەباتە بەر توندوتیژی. هەروەها دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ڕەوا نییە، چونکە دیکتاتۆریەت شێوەیەکە لەشێوەکانی حوکمڕانیکردنو چینو توێژ حوکم ناکەن، بەڵکو حزبو ڕێکخراوەکان حوکم دەکەنو لێرەوە باس کردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا تەنیا قسەیەو لەپیادەکردندا بڕ ناکات.

چەوسێنەرەکان لەمێژووی پەرەسەندنی شارستانیەتی مرۆڤدا هەمیشە کەمایەتی (الاقلیة) بوونو چەوساوەو ژێر دەستو هەژاریش زۆربەی هەرە زۆری میللەت بوون. زۆربە (الاکثریة) لەوڵاتی

پێشکەوتوو و دیموکراتی و پەرلەمانیدا بڕیار دەدات و کەمایەتیش ملکەچ جێبەجێ و پیادەی دەکات و ئەوی یاخی بوو یاسا سزای دەدات[3].

کەوابوو بۆچی (کاوتسکی وتەنی) پرۆلیتاریا پەنا بەرێتە بەر دیکتاتۆریەت و لەدیموکراتیەت دوور بکەوێتەوە؟

هەروەها زۆربە (الاکثریة) لەهەموو کۆمەڵێکدا لایەنی پرۆلیتارو چەوساوەکان دەگرێت کەوابوو هیچ کاتێك نابێ بیر لەدیکتاتۆریەت بکرێتەوەو دەبێ دەست لەتوندوتیژی هەڵبگیردرێ. چونکە ڕژێمێکی دیموکراتی پەرلەمانی کە نوێنەری زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵك بێت، ئەزانێ کە میللەت و جەماوەر لەگەڵیدایەو پێویستی بەتوندوتیژی و زەبرو زەنگ نییە. هەر ڕژێمێکی هەژار دۆست و دیموکراتی کە دیموکراتیەت و مافی دەنگدانی گشتی و هەڵبژاردن لاببات ئەوا فەرمانی خۆکوشتن بەسەر خۆیدا دەدات. چونکە تەنیا دیموکراتی و مافی گشتی هەڵبژاردنن کە سەرچاوەی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی زۆربەی میللەت پێك دەهێنن.

کاوتسکی دەڵێ:

ڕاستە ڕێگا کۆنەکانی خەباتی ئابووری و سیاسی چینی پرۆلیتاریا بۆ ئەم سەردەمە دەست نادەن، چونکە سەرمایەدار هێزو توانایەکی ئابووری و سیاسی زل و زەبەلاحی هەیەو وا بەسوك و ئاسانی شوێنی پێ

---

[3] بڕوانە: (لينين مختارات في ١٠ اجزاء ج ٨ الثورة البروليتارية والمرتد كاوتسكی) دار التقدم. موسكو ١٩٧٧ ص ١٦٠ـ ١٦١.



لەق ناکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ دەست لەو ڕێگا کۆنانەی خەبات و تێکۆشان هەڵبگیردرێ، چونکە زۆر جار کرێکاران لەژیان و تێکۆشانیاندا دووچاری چەندین گیروگرفتی تایبەتی دەبن کە ناتوانرێ وا بەئاسانی بەلایەکدا بخرێت ئەگەر بەتەواوەتی سود لەهەموو ئەو ئامرازە سیاسی و ئابوریانە وەرنەگیرێ کە لەبەردەستی چینی کرێکاردان.

هەروەها خەباتی چینایەتی ڕەوایە، بەڵام ئەم خەباتە نابێ ببێتە مایەی ڕووخاندنی دەسەڵات و حوکمڕانی چینی بۆرجوازی، هەروەها نابێ ڕێکخراوو دام و دەزگاکانی چینی کرێکار بکرێن بەچەند ڕێکخراوێك حوکمڕانی کۆمەڵ بکەن بەهۆی دەوڵەتەوە، خۆ ئەگەر چینی کرێکاریش هاتە سەر حوکم، ئەوا نابێ دام و دەزگاکانی دەوڵەت تێك بشکێنێ، چونکە ئەم دام و دەزگایانەی دەوڵەت پێویستن و ئەبێ بمێنن بۆ:

- چەسپاندنی یاساو ئاسایش.
- پیادەکردنی بڕیارەکانی سەرخانی کۆمەڵ کە چەند دام و دەزگایەکی هەمە چەشنەن.

کاوتسکی وای بۆ چووە کە دەبێ پەرلەمان و ئەنجومەنی نیشتمانی لەجێی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بن، چونکە دیکتاتۆری هەر دیکتاتۆریە، چینی کرێکاریش کە دیکتاتۆری بەکاربهێنێ

لەدیموکراتیەت دوور ئەکەوێتەوە، ئەمەش بەپێچەوانەی خواستو مەبەستی چینی کرێکارو زۆربەی هەرەزۆری میللەتەوەیە.

دوای ئەوەی ساڵی ١٨٦٩ حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان دامەزرا پرسیارێك لەمێشکی ڕابەرە سیاسییەکانیدا داوای وەڵامی دەکرد:

چۆن دەتوانرێ کۆمەڵی سۆسیالیستی وەدی بهێنرێ؟ واتە ئەو ڕێگایانە کامانەن کە دەبێ پەیڕەو بکرێن؟

وەڵامەکەشی بەگشتی لەچوارچێوەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەدرایەوە:

ـ دامەزراندنی حزبێکی سۆسیالیستی جەماوەری.

ـ پەنا بردنە بەر خەباتی سیاسیو پەرلەمانیو هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی هەرە زۆری کورسییەکانی پەرلەمانو ئینجا:

ـ دامەزراندنی دەستەو دەزگایەك کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرابێ بۆ دانانی دەستورو قانونێکی نوێ کە ڕێگای دامەزراندنی کۆمەڵی سۆسیالیستی خۆش بکاتو بەقانونو یاساش هەڕەشە لەو چینو توێژانە بکرێ کە بێن بەکۆسپ لەبەردەم وەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا.

بەلای کاوتسکیەوە ڕێگا (وسیلە) گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگو بایەخدارە (ئامانج)ە، ئێمە ئەمانەوێ کۆمەڵێکی نوێ دابمەزرێنین کە ئالای دادی کۆمەلایەتی بەسەردا بشەکێتەوەو پرۆسەی سۆسیالیزم تیایدا هەنگاو هەنگاو پیادە بکرێ، جا گرنگ نییە هەرچ وەسیلەو ڕێگایەك بەکاربهێنینو هیچ مەرجیش نییە کە پەنا ببرێتە بەر



شۆڕشو توندوتیژی. چونکە حکومەتی کرێکاری ئەو حکومەتە نییە کە هەموو پۆستی وەزارەتەکانی بەدەستەوە بێ، بەڵکو ئەو حکومەتەیە کە زۆربەی دەنگەکانی پەرلەمانو زۆربەی کورسییەکانی وەزارەتی هەبێو پێویستیش ناکات دامو دەزگاکانی ئابووری دەوڵەتو کۆمەڵو فابریقەو کارگەکان بکرێن بەموڵکی دەوڵەتو میللەت، چونکە بارودۆخی نوێی کۆمەڵو شارستانی بەجۆرێك گۆڕاون کە کرێکاران ئەو توانایەیان نییە ئەم دەزگایانە بەڕێوە بەرنو ئێمە پێویستمان بەشارەزاییو تەکنیكو هونەری چینەکانی تر هەیەو پێویستە ئێمە کاروباری پیشەسازی (صناعە) ڕێكو پێك بکەینو چەندە بڕوامان بەکرێکار هەیە ئەوەندەش بڕوامان بەبۆرجوازی هەبێ چونکە:

ـ گیروگرفتەکانی کۆمەڵو چارەسەرکردنیان پێویستیان بەهاوکاری هەموو لایەك هەیەو پێشبڕکێ (منافسە) لەزۆرانبازی (صراع) باشترە.

ـ نەتەوە شتێکی پیرۆزەو بۆرجوازیەت دروستی نەکردووەو نەتەوەش لەچەند توێژێکی دوژمنی یەکتری پێك نەهاتووە. ئەم جۆرە بۆچوونە کە باسی چینو توێژی جیاجیای کۆمەڵ ئەکات بەچاوی سووکەوە سەیری کۆمەڵو نەتەوە ئەکات، خۆ ئەگەر مارکس باوەڕی بەزۆرانبازی نێو چینەکانی کۆمەڵ هەبێ ئەوا کاوتسکی باسی (منافسە)ی چینەکانی کۆمەڵ دەکاتو ئەم دووانەش لەهەموو شتێکدا لەیەکتری جیاوازن.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

چینە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵ پێویستە بەهاوکاریو کۆمەکی یەکتری چارەسەری گیروگرفتەکان بکەنو هەر چینە پێویستە ئەرکی سەرشانی خۆی بەباشی بزانێ بۆ ئەوەی بەمافی ڕەوای خۆی شاد ببێ.

پێویستە یاساو دەستوور هەبن، کە لەلایەن نوێنەرانی میللەتەوە لەپەرلەماندا پەسەند دەکرێن، ئەم دەستورو یاسایانەش لەسەر بنەڕەتی مافی مرۆڤ گەڵاڵە بکرێن.

بەلای کاوتسکییەوە مانیفێستی مارکسو ئەنگلس تەنیا بایەخێکی مێژوویی هەیەو ئەو گۆڕانەی بەسەر بارودۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو زانستی ئەورووپادا هاتووە بۆتە مایەی ئەوەی ئەو شتانەی مانفێست گوتوونی کۆن بنو سوودیان نەمێنێ هەروەها سەرمایەداری ئێستای ئەورووپاو کرێکاریش ئەو سەرمایەدارو کرێکارەی جاران نەماونو دژی یەکتری نینو هەردووی چاویان لەسودو قازانجی وڵاتو نەتەوەکەیانە، بۆیە سۆسیالیزم ئێستا کە دیموکراتییەو مارکسیزمو کۆمۆنیزمی روسی دوو شتی لەیەکتری جیاوازن. بەلای کاوتسکییەوە مارکسیزمو لینینزم دوو شتی لەیەکتری جیاوازنو سۆڤیەتەکان واتە (ئەنجومەنەکانی گەل) لەڕوسیا ژیانی دیموکراتیان لەناو بردووەو لەڕەگو ڕیشەوە هەڵیانکێشاوەو شەڕی نێوان بەلشەفیكو مەنشەفیك شەڕی نێوان دوو جۆر بۆچوونی لەیەکتری جیاوازن: ڕێگای دیکتاتۆریو ڕێگای دیموکراتی.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

واتە لینین بەلشەفیکی سەرخستو لەجیاتی ئەنجومەنی نیشتمانی چەند ڕێکخراوێکی بەناوی سۆڤێتەوە داناو لەمەنشەفیکی داو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای پیادە کرد، دیکتاتۆریەتی کۆنی لابردو دیکتاتۆریەتێکی تری هێنایە سەر حوکمو گیانی دیموکراتیو ئازادی لەڕیشەوە هەڵکێشا.

جەنگو شۆڕشی توندوتیژی هیچ کاتێك ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفت نینو کۆنەپەرستان پەنایان بردونەتەبەرو سەرمایەداریش بەپەرەسەندنێکی وردە وردەو هەنگاو بەهەنگاو جێگای بەچینی پێش خۆی لەقکردووەو دەسەڵاتی بەدەست هێناوە، جا بۆیە جگە لەکارکردی ئابووری (عامل الاقتصادی) کارکردی تریش هەیە، کە دەکرێ سودیان لێ وەربگیرێ بۆ گۆڕینی کۆمەڵو دەزگاکانی گۆڕینی شێوە ڕژێمی حوکمکردن.

هەروەها دەکرێ بەشۆڕشی سیاسی دیموکراتی (کە خۆی قۆناغی یەکەمی بەرەو سۆسیالیزم ڕۆیشتنە) جۆرێك لەدیموکراتیەت لەکۆمەڵدا سەقامگیر بکرێتو مەڵبەندو ناوەندی دەسەڵات (سلطة) بەدەست بهێنرێو ئینجا بەیاساو قانوونو دەستورو پەرلەمان هەیکەلی چینایەتی کۆمەڵ گۆڕانی تێدا بکرێت.

## سەرچاوەکان


1. Schandelbavh, H, philosophie in Deutschland, 1831 – 1933. Stw 401, Frankfurt 1983.

2. Scheuch, M, Der Untergang des Kommunismus, Zeit document 55, Wien 1990.

3. Kopper, j, Das Transzendentale Denken des deutschen Idealismus, wb 1989.

٤. ماركس ـ انجلس: مختارات في اربعة اجزاء ـ موسكو.

٥. لينين: مختارات في عشرة اجزاء ـ موسكو.

٦. بيير انسار: ماركس والفوضوية دار الطليعة (ج ١ ء ٢) بيروت ١٩٧٥ ـ ١٩٧٨.

٧. جماعة من الاساتذة السوفيات: موجز تاريخ الفلسفة، ترجمة د. توفيق سلوم، دار الفارابى، ١٩٨٩.

٨. د. عثمان امين، رواد المثالية في الفلسفة الغربية، القاهرة، ١٩٧٥.

٩. اميل برهيية: تاريخ الفلسفة القرن التاسع عشر، ترجمة: جورج طرابيشى، بيروت، ١٩٨٥.





١٠. م. يوفتشوك: التقاليد الفلسفية المعاصرة. ترجمة ـ ابراهيم فتحى، دار الفارابى، بيروت، ١٩٨٦.

١١. د. عبدالكريم احمد: بحوث في الاشتراكية، بيروت، ١٩٧٢.

١٢. ج. ه. كول: تاريخ الفكر الاشتراكى: الدولية الثانية، ترجمة: عبدالكريم احمد، القاهرة، ١٩٦٣.

١٣. ج. ه. كول: رواد الفكر الاشتراكى، ترجمة: منير بعلبكى، بيروت، ١٩٧٨.

# بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## ٢٠٠٧

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٠ | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەكر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١. | تـیرۆرو سـەقامگیری سیاسـیو چـەند لێكۆڵینەوەیەكە تر | بەكر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢. | كەركوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشـتیار/ مامۆسـتا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣. | دەستورو ژن | و: كامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤. | ژان ژاك رۆسۆ | كاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥. | مبدآ الفصل بین السلطات و وحدتها | القاضي / لطیف مـصطفى أمین | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦. | بنچینەكانی كورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسكی<br>و. نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧. | لەدیكتاتۆریەوە بۆ دیموكراسی | كارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨. | كەركوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ساڵح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩. | زمانە فەرمیەكان | تاریق جامباز | |
| ٢٢٠. | ئەنفالو دادگا | سالار مەحمود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١. | نۆڤین | — | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٢. | الكرد | د.نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣. | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٤. | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥. | المدخل الى القانون الدولي الانساني | جبار سعید محی الدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦. | الكُرد الیوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧. | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٨. | ڕێبازی لێكۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩. | ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان | و. كارزان عومەر | ٢٠٠٧ |



مەكتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣٠. | تیرۆر | هیمداد مەجید عەلی | ٢٠٠٧ |
| ٢٣١. | گەنجە كوردەكان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٢. | بەعسیزم و كورد | سۆزان كەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣. | بەڕێوەبردنی كۆبونەوەكان | محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤. | شاری كەركوك | پشكۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥. | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦. | فەلسەفە ـ ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و. شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٧. | عێـراق، قـەیرانی ئاسـایشو سـتراتیژێتیو بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێركۆ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٨. | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | - | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٩. | الحقوق السیاسیة للكورد فی الدول التی تضم كردستان | لیلاف حمد أمین عزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٠. | مێژووی شۆرشی ڕوسیا | لیۆن ترۆتسكی<br>و. عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤١. | دەروننناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هەژار جوانڕیی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٢. | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٣. | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٤. | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموكراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٥. | تأریخ تركیا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تكریتي | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٦. | لەگۆڕەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٧. | نۆڤین ـ١٢ـ | — | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٨. | المنطقة المتنازع علیها | د.خلیل اسماعیل محمد | ٢٠٠٧ |

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.